جامی عێراق.. هەوڵێر گەیشتە قۆناغی چارەکی کۆتایی

لە جامی عێراق هەوڵێر بە گۆڵێکی بەرامبەر لە کەرخی بردەوە و گەیشتە قۆناغی چارەکی کۆتایی.

لە قۆناغی 16ی جامی عێراق، یانەی کەرخ لە یاریگای ئەحمەد رازی میوانداری هەوڵێری کرد.

لە تایمی یەکەم کوانی قاو مەنارە ئاستێکی باشیان پێشکەش کرد و لە خولێکی 25 عەلی موحسین گۆڵی یەکەمی بە تەمارکردن، پاش ئەو گۆڵەش چەند هەوڵێک لەلایەن هەردوولاوە بینرا بەڵام هیچی گۆڵێکی تری لێنەکەوتەوە.

لە تایمی دووەم یانەی کەرخ لە پێناو یەکسانکردنەوەی ئەنجامەکە گەیایەوە نێو یاریگا و هەوڵەرش دەیویست پارێزگاری لە تاکە گۆڵەکەی بکات، چەند هەوڵێکی جیاواز لەلایەن هەردوولاوە بینرا بەڵام ئەنجامەکە گەیانی بەسەردا نەهات و بە گۆڵێکی بەرامبەر لە بەرژەوەندی هەوڵێر کۆتایی پێهات.

بەم ئەنجامەش هەوڵێر گەیشتە قۆناغی چارەکی کۆتایی روبەڕووی نەفت دەبێتەوە و کەرخیش مائاوایکرد.